Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz,
OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.27 00:49:44 +01'00'

((بەهەشت)) پشكۆنەجمەدین

ریتمی دڵت
بە كۆڵانی پێچاوپێچی نیوەمردووی
خوێنی مندا پیاسە دەكا!...
دەڵێم: خوایە!
هێشتا ژیان خۆشی دەوێم،
هێشتا پردی پەڕینەوە بەرەو مردن،
سەرڕێژە لە بۆی سپێدە و
لە رەنگی پەلكەزێڕینە!.

لێوت لەسەر لێوم دەنێی..
شەوی رۆحم پڕ دەبێ لە رووناكایی،
تیشک لە جەستەم دەئاڵێ،
ئاگر لە گیانت بەر دەبێ،
ئێمە پێكەوە دەسووتێین،
ئێمە زیندووین!.

سەری زمانم
گۆی پیرۆزی كەعبەی سینگت زیارەت دەكا،
دەڵێم خوایە!..
بە تەمەنێ گوناهەوە، هێشتا بەهەشت چاوەڕێمە!.

((ئەستێرە))

گۆزەڵەی شیعر و شەرابە،
دەڕژێتە رۆشنایی رۆحت،
لە جەزبەی ئەشقا ئەم سەرە!.
رووتی مەستیین
مەستی رووتیین
لە جامی "مەی"دا گڕ دەگرین
لە كاكێشانی شیعردا،
دەبینە تیشكی ئەستێرە!